**با نەورۆز-تیڤی وانەوەربگرێت**

**ڕەخنە**

2010-09-03

**جەلال چوارتایی:**

شەوی ٣١-٠٨-٢٠١٠ کەساڵڕۆژی شەهیدبوونی کاک فوئادی مستەفا سوڵتانی بوو، کەلە٣١ی ئابی ١٩٧٩دا لەبەرخۆدانێکی کەم وێنەدا گیانی بەخت کردو بوویەهێمای بەرخۆدان و شانازی ، واتە٣١ ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوەدا دەرباز دەبوو.

هەر لەهەمان ڕۆژدا واتەلە٣١ی ئابی ٢٠١٠دا کەناڵی ئاسمانی نەورۆز-تیڤی بەرنامەیەکی تایبەتی پێشکەش کرد بۆ زیاتر لێک نزیککردنەوەی لایەنەکوردیەکان و هاوئاهەنگییان . پێشکەشکەری بەرنامەکەش بەڕێز کاک هیوا گوڵ محەمەدی بوو . بۆ ئەو بەرنامەیەبانگێشتی تەواوی پارت و لایەنەبەناو کوردیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرابوو.

کاتێک مێزگردەکەپێکهات تەنها ٤ کەس لەستۆدیۆکەدا ئامادەبوون و ٣ کەسیش لەڕێگەی تەلەفونەوەبەشداری بەرنامەکەبوون کەیەکێکیان نوێنەری پارتی ژیانی ئازادی کوردستان-پژاک بوو.

لەگەڵ ڕێزێکی هێجگار زۆرم بۆ تەواوی لایەنەئامادەبووەکان ، بەڵام جگەلەپارتی ژیانی ئازادی کوردستان و تا ڕادەیەک سازمانی خەباتیش ئەوا زۆربەی هەرەزۆری کوردستانیەکان تەنانەت ناوی لایەنەکانی دیکەیان هەر نەبیستبوو . بەڵام لێرەدا باسەکەلەسەر قەبارەو گەورەیی لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نییەچ ئەوانەی بەشدار بوون و چ ئەوانەش کەلەبەرنامەکەنەبان بوون ، بەڵکو باسەکەلەسەر ئەوەیەکەئایا نەورۆز-تیڤی ئەم بەرنامەیەدەکاتەوانەیەک بۆ دواڕۆژ ؟

لەهەموو لایەکمان ئاشکرایەکەجگەلەو لایەنەبەڕێزانەی کەبەشداری بەرنامەکەبوون ، ٢ دیموکرات و ٦ کۆمەڵەو سەرەمقەستەکەی(سەرەقەیچیەکەی) شێخ مەسعودی نەقشبەندیش ناویان هەیە.

لەکاتێکدا لەهیچ کوردێک شاراوەنییەکەئەو لایەنانەی کەبەشدارییان نەکرد لەم بەرنامەیەدا کەچی هەر ئەو لایەنانەلەسەردەمی بەعسی گۆڕکراودا تەنها یەک ئاماژەی ئیستخباراتێک بەس بوو بۆ کۆکردنەوەیان.

هەر خودی ئەم لایەنانەلەکێبڕکێدا بوون کەلەگەڵ پاسدارێکدا کۆبوونەوەساز بکەن و مافەکانی کوردانیش لەچەند بڕگەیەکی دەستووری کۆماری ئیسلامیدا وەک بڕگەکانی ١٥ و ١٩ بچووک بکەنەوەکەبەبێ ویستی کوردان لەدەستوور ئاخنراوەو تەنانەت بەرپرسی یەکێک لەم لایەنانەخۆشحاڵی خۆشی نیشاندابوو کەلەگەڵ تەلەفزیۆنەکانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا دیدار ساز بکات.

http://www.peshmergekan.com/index_a.php?id=5730

پێدەچێت هۆکاری بەشداری نەکردنی ئەم لایەنانەلەو بەرنامەگرنگەدا پەیوەست بووبێت بەوەی کەنەورۆز-تیڤی هەمان ئەو هێڵەنەتەوەییەلەبەرچاو دەگرێت کەپارتی ژیانی ئازادی کوردستان-پژاک پەیڕەوی لێدەکات ، بەو هۆیەشەوەنەخوازن لەپژاک نزیک ببنەوە. بەمەرجێک هەر ئەو لایەنانەلەڕابردوودا لەبەرزترین ئاستدا لەگەڵ چەند پاسدارێکدا کۆبوونەوەی نهێنیان ساز دەکرد و ئەنجامی ئەو کۆبوونەوانەش جگەلەلەداونان و تیرۆرکردنیان ئەوا هیچ شتێکی دیکەی لێ شین نەدەبوو ، کەنموونەی بەرچاوی ئەم کردەوانەش تیرۆرکردنی دکتۆر قاسملو و دکتۆر سادقی شەرەفکەندی‌یە.

ئەو لایەنانەی کەناخوازن لەپژاک نزیک ببنەوەهەر ئەو لایەنانەن کەلەڕابردوودا ئامێزیان بۆ موجاهدینی خەلقی کوردکوژ دەکردەوەو تەواوی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان دەخستەئیختیاریانەوەتەنانەت پاکانەشیان بۆیان دەکرد کەموجاهدین هیچ کوردکوژییەکیان ئەنجام نەداوەلەباشووری کوردستاندا.

http://iranmojahed.blogfa.com/post-16.aspx

ئەو لایەنانەی کەپژاک بەنامۆ دەزانن هەر ئەو لایەنانەن کەلەڕابردوودا باشترین نەسڵی کوردیان دەخستەخزمەتی چەند شۆڤێنیستێکی عەجەمی وەکو مەنسوری حیکمەتەوەتاوەکو کوردستان بکەنەدەریای خوێن بۆ ئازادیخوازان و شیرازەی کوردان لەیەکتری هەڵوەشێنن.

ئەو لایەنانەی کەناخوازن ناوی پژاک ببیستن هەر ئەو لایەنانەن کەدژەکوردێکی لەمەیدان بەدەری وەکو کوڕی شای گۆڕبەگۆڕیان بەڕێبەری خۆیان قبووڵ دەکرد و هیچ باکێکیشیان

بەتێکدانی کۆماری کوردستان لەمهاباد و ئیعدامکردنی پێشەوای نەمرەوەنەبوو.

ئەو لایەنانەی کەناخوازن بنەهەوێنی لێک نزیککردنەوەی لایەنەکوردیەکان هەر ئەو لایەنانەن کەهانا بۆ دژەکوردەکانی وەکو عەلی ڕەزا نەزمی ئەفشار و بەنی سەدر و نوریزادەدەبەن و کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵیان لەگەڵدا ساز دەکەن.

ئەو لایەنانەی کەمێزگردی نەورۆز-تیڤی بەبڤەدەزانن هەر خودی ئەو لایەنانەن کەلەهەلەکەسەمای سازکردنی مێزگرددان لەگەڵ پان ئێرانیستەکان و شاپەرستەکان و تەنانەت کاتێکی زۆریش لەبەرنامەتەلەڤزیۆنیەکانیان هەر بۆ ئەم شۆڤێنیستانەتەرخان دەکەن.

کاتێک کارمەندەتێکۆشەرەکانی نەورۆز-تیڤی ئەم ڕاستیانەدەزانن و ئامادەنەبوونی ئەم لایەنەئۆردوگانشینانەشیان بەچاوی خۆیان بینی ، ئیتر کاتی ئەوەنەهاتووەکەلەم ئامادەنەبوونە وانەوەربگرن ؟

پێویستەکارمەندەماندو نەناسەکانی نەورۆز-تیڤی چیدیکەکاتی خۆیان بەم ئۆردوگانشینانەوەنەکوژن و ئەو کاتەی بۆ ئەوانی تەرخان دەکەن زۆر باشتر دەبێت ئەگەر بۆ شۆڕشگێڕان و زەحمەتکێشانی نەتەوەکەمانی تەرخان بکەن ، چونکەئەو لایەنانەئەم پیشەیەیان بەشیری وەرگرتووەو بەپیری ناتوانن فەرامۆشی بکەن.

لەڕاستیدا هۆگری سیاسی ئەوان پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق و یەکێتی نیشتمانی کوردستانەو خەو و خەیاڵیشیان بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتێکی هاوشێوەیەو هیچ بنەمایەکی یەکێتی نەتەوەیی و ڕزگاری نەتەوییی لەهەڵسوکەوتیان دا بەدی ناکرێت ، بەڵکو ئەو لایەنانەزیاتر لەچاوەڕوانی ڕووداوەکانی ڕۆژدان تاوەکو بارودۆخێکی هاوشێوەی باشووری کوردستانیان بۆ برەخسێت و ئەوانیش سواری شەپۆلی ڕووداوەکان ببن .

لەهەمان کاتدا هانابردنی پژاک بۆ سازکردنی بەرەی کوردستانی و هاودەنگی لەگەڵ ئەم لایەنەئۆردوگانشینانەنیشانەی ڕێز و وڵاتپارێزییە، باڵام کاتێک ئەو لایەنانەئامادەبن دەست لەگەڵ سەرسەختترین دوژمنی کورددا تێکەڵ بکەن و وەکو دوژمنیش لەپژاک بنواڕن ئەوا پێویستەپژاکیش هانابردنەکەی بۆ گەل بێت نەک بۆ چەند لایەنێکی تەواو لەمەیدان بەدەر ، چونکەیەکێتی نەتەوەیی لەڕێگەی گەلەوەمەیسەر دەبێت نەک لەڕێگەی چەند لایەنێکی لەمەیدان بەدەر.

http://www.rojhelat.info/index.php?option=com_content&view=article&id=496:pjakbangewazi&catid=38:featured

لەکاتێکدا پژاک بوونی هەبێت لەنێو گەلدا و هەر لەلوڕستانەوەتاوەکو سنووری ئەرمینیا لەکار و چالاکیدا بێت و جەماوەریش بەچاوێکی پڕ لەهیواوەلێی بنواڕن ، ئیتر چ پێویست بەوەدەکات کەهانا بۆ چەند لایەنێکی ئۆردوگانشین ببات کەمیلەتیان داوەتەدەست چارەنووس و بوونەتەفەرمانبەرێکی موچەخۆر لەئۆردوگاکانی هەولێر و کۆیەو زرگوێز و زرگوێزەڵە؟

http://www.kurdistanpost.com/view.asp?id=a7048429

کاتێک ئەو لایەنەکلاسیکیانەحیزبی تەواوەتی بوون هیچ ڕۆڵێکیان بەیەکێتی نەتەوەیی نەدەدا ، ئیتر ئیمڕۆ کەهەر حیزبەو بوونەتەچەند لەتەحیزبێک چۆن هانا بۆ یەکێتی نەتەوەیی دەبەن ؟

ئەم لایەنەئۆردوگانشینانەجگەلەبازارگەرمیان بەڕووداوەکانی ڕۆژەوەئیتر چ کار و چالاکییەکی دیکەیان هەبووەکەهێندەدەیانهێننەبەر باس و لەنەبوونی سەریەشەوەپریاسکەدەبەستن بۆ خۆتان ؟

هەموو بازاڕ گەرمی ئەم لایەنەئۆردوگانشینانەبریتی بووەلەخۆ هەڵواسین بەشەپۆلی بزوتنەوەی سەوز و فرمێسکی تیمساحیانەهەڵڕشتن بۆ شەهیدەپێشەنگەکانی پژاک(فەرزاد و فەرهاد و شیرین و عەلی) تاوەکو نانی ڕۆژی پێوەبخۆن.

کورد دەڵێت :- لەهەر خەسارەو عەقڵێک.

دەبوو پارتێکی شۆڕشگێڕ و چالاکی وەکو پژاکیش وانەی لەکۆمەڵکوژیەکەی ٢٠٠٨ی شاری ماکۆ وەربگرتایەکەسەرتاسەری شارەکەبۆ هاوسۆزی نیشاندان لەگەڵ بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلاندا ڕژانەسەر شەقامەکان و ٢٣ شەهید و سەدان بریندایان لەو پێناوەدا بەخشی و زیاتر لە٧٠٠ کەسیشیان لەکونجی بەندیخانەقایم کران ، کەچی هەر ئەو لایەنەئۆردوگانشینانەئەم ڕووداوەیان دەبەستەوەبەنەبوونی سوتەمەنی و کەمی نانەواخانەلەشارەکەدا.

یەکێک لەهەرەتایبەتمەندیەجوانەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان-پ‌ک‌ک لەباکووردا بریتی بوو لەپشتبەستن بەگەل نەک بەهەندێک لایەنی ساتوسەوداکەری کلاسیکی ، کەئەنجامەکەی ئەو هێزەشۆڕشگێڕەی لێ بەرهەم هات کەلەسەر ئاستی هەموو جیهان حسابی بۆ بکرێت و ڕۆژ لەدوار ڕۆژیش زیاتر پەرەبستێنێت و زیاتریش ببێتەخۆشەویستی گەل.

پێویستەپارتی ژیانی ئازادی کوردستان-پژاکیش زیاتر پشت بەگەل ببەستێت و کادری زیاتر بخاتەنێو جەماوەرەوە، نەک هێندەبایەخ بەچەند لایەنێکی کلاسیکی بدات کەهەم ئەوان وازیان لەمیللەت هێناوەو هەم میللەتیش لەزۆربەی ناوچەکاندا ئەوانی لەبیر چۆتەوە.

لەکۆتایدا داواکارم لەنەورۆز-تیڤی خۆشەویست کەهێندەکاتی خۆیان بەو لایەنەکلاسیکیانەوەنەکوژن کەجگەلەبارگرانی و دەردەسەری زیاتر هیچ شتێکی دیکەیان بۆ گەل نەهێناوە. بێگومان ئەم داواکارییەم بەهیچ جۆرێک ئەو لایەنەبەڕێزانەناگرێتەوەکەلەمێزگردەکەدا ئامادەبوون.